**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک ........ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ........ ل٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ........ ل٧١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ........ ل٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ........ ل١٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ........ ل١٠٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ........ ل١٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ........ ل١٧٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ........ ل١٩٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ........ ل٢١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ........ ل٢٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ........ ل٣٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ........ ل٣٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێزدە ........ ل٤٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ........ ل٤٢٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ........ ل٤٤٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ........ ل٤٩١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ........ ل٥٢١

له حەقیقەتدا بە هۆی بوونی چەند میوانێک لێرە بەتایبەتی میوانانی باسک کە لەم هۆڵەدا ئامادەبوون و لەگەڵمان لەم دانیشتنە بۆ ماوەیەک بەشدار بوون لەوانەیە ئێمە نەتوانین فریای هەموو خوێندنەوەکان بکەوین. ئەوەندەی پێمان بکرێت تا رادەیەکی دیاریکراو دەیخوێنینەوە لەبەرئەوە تکام وایە دوو بەڕێز لە ئەندامانی لیژنەی یاسا بفەرموون بۆ خوێندوەی یەکەمی پرۆژەی یاساکان.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێستا دەیخوێنمەوە برگە (١)ی بەرنامەی کاری ئەمڕۆیە کە ئەویش خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی مادده (٤)ی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)وە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير الزراعة والري ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني بجلسته لكوردستان العراق المنعقدة بتاريخ / / اصدار القانون الاتي:

رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون التعديل الاول لقانون وزارة الزراعة والري رقم (١٠) لسنة ١٩٩٢

المادة الاولى: تعدل المادة الرابعة من قانون وزارة الزراعة والري رقم (١٠) لسنة ١٩٩٢وتقرأ على الوجه الاتي:

المادة الرابعة: تتكون تشكيلات الوزرارة كالآتي:

١ـ مكتب الوزير.

٢ـ مكتب وكيل الوزارة.

٣ـ المديرية العامة للديوان.

٤ـ المديرية العامة للاراضي الزراعية.

٥ـ المديرية العامة للتخطيط والمتابعة.

٦ـ المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي.

٧ـ المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي والتبوغ.

٨ـ المديرية العامة للري والموارد المائية.
٩ـ المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة.
١٠ـ المديرية العامة للزراعة في محافظات الاقليم.

المادة الثانية: تعدل المادة السادسة من قانون وزارة الزراعة والري رقم (١٠) لسنة ١٩٩٢ وتقرأ على الوجه الآتي:

المادة السادسة: ١ـ للوزير تشكيل هيئات او لجان دائمية او مؤقتة لتنفيذ مهام معينة.
٢ـ للوزير استحداث ودمج مديريات واقسام وشعب كلما دعت الحاجة الى ذلك.
٣ـ تحدد واجبات وصلاحيات تشكيلات الوزارة والمديريات العامة والمديريات التابعة لها والهيئات بنظام.

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

بەڕێزان ئەمە دەقی پرۆژەکە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاساو لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپێدان و ئاوەدانکاری دەکەین.
فەرموو خاڵی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەوەی دەیخوێنمەوە خاڵی دووەمی بەرنامەکەیە کە ئەویش خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتی یارمەتیی و مرۆڤایەتی و هاوکارییە ژمارە (٢٠) ساڵی ١٩٩٣.

رئاسة مجلس الوزراء
مشروع قانون
بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:
مشروع قانون

**بەڕێز شـــــێــــــروان نـاسـح حــــــەیدەری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەی وەزارەتی پیشەسازیتان بۆ دەخوێنمەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**رئاسة مجلس الوزراء**

## مشروع

**المادة الاولى:**

لوزير الصناعة والطاقة تحديد اسعار وحدات الكهرباء والمستلزمات الكهربائية العائدة للوزارة وتحديد اجور المحولات الكهربائية المؤجرة.

**المادة الثانية:**

تسري احكام المادة الاولى من هذا القانون على التسعيرات السابقة والمقرة وبأثر رجعي.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون ولايعمل بأي نص يتعارض مع احكامه.

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێزان ئەمە پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدانە بە وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ نرخاندنی کارەبا ئەوەی خوێندرایەوە ئاراستەی ئەم سێ لیژنەیەی خوارەوەی دەکەین، لیژنەی یاسا و، لیژنەی پیشەسازی و وزە، و لیژنەی دارایی، خاڵی دووەم خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی مادده چواری یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، تکایە بەڕێزێکی تر لە ئەندامی لیژنەی یاسا بفەرموێتە ئێرە، بەڕێز کاکەرەش فەرموو، ئەندامێکی لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری لەگەڵ ئەندامێکی لیژنەی دارایی بێتە ئێرە، کاک شێروان فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز شـــــێــــــروان نـاسـح حــــــەیدەری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس ا لوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

**«قرار»**

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه وزير الزراعة والري ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ اصدار القانون الآتي :-

## رقم(    )لسنة ٢٠٠٠
## قانون التعديل الاول لقانون وزارة الزراعة والري
## رقم(١٠)لسنة ١٩٩٢

**المادة الاولى:**

تعدل المادة الرابعة من قانون وزارة الزراعة والري رقم(١٠)لسنة ١٩٩٢وتقرأ على الوجه الآتي:

**المادة الرابعة:**

تتكون تشكيلات الوزراة كالآتي:

١- مكتب الوزير.

٢- مكتب وكيل الوزارة.

٣- المديرية العامة للديوان.

٤- المديرية العامة للاراضي الزراعية.

٥- المديرية العامة للتخطيط والمتابعة.

٦- المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي.

٧- المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي والتبوغ.

٨- المديرية العامة للري والموارد المائية.

٩- المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة.

١٠- المديرية العامة للزراعة في محافظات الاقليم.

**المادة الثانية:**

تعدل المادة السادسة من قانون وزارة الزراعة والري رقم (١٠)لسنة ١٩٩٢وتقرأ على الوجه الآتي:

المادة السادسة:

١- للوزير تشكيل هيئات او لجان دائمية او مؤقتة لتنفيذ مهام معينة.

٢- للوزير استحداث ودمج مديريات واقسام وشعب كلما دعت الحاجة الى ذلك.

٣- تحدد واجبات وصلاحيات تشكيل الوزارة والمديريات العامة والمديريات التابعة لها والهيئات بنظام.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش دەقی ڕای لیژنەی یاسا لەسەر پرۆژەکە دەخوێنمەوە.

**بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ب/ڕای لیژنە**

نووسراوتان ژمارە(ک/٢٠)لە ٢٠/٨/٢٠٠٠ پاش دراسەت و لێکۆڵینەوەی پرۆژەی هەموارکراوی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، ڕای لیژنەکەمان بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:
پرۆژەیەکی هەموارکراو هەروەکو پرۆژەکەی کۆنە تەنها گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان نەبێ. وە بەڕێوەبەری گشتی پیلان و بەدواداچوون لەجیاتی کۆمپانیای هەڵکەندنی بیر داندراوە بۆیێ پێویستە مادەیەک بخرێتە سەر پرۆژەکە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشە بەم شێوەیەی خوارەوە:
«تلغى شركة حفر الآبار الارتوازية ومراكز البحوث الزراعية والتطبيقية الوارد في الفقرة التاسعة من المادة الرابعة من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٢وتؤول كافة ممتلكاتها الى وزارة الزراعة والري في الاقليم».

*لەگەڵ ڕێزمان*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری فەرموو،

**بەڕێز محمد امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ڕێزو سلاو نیشانە بەهامشی بەڕێزتان کە لە سەر نوسراومان ژمارە (٦)ی ڕۆژ ١٦/٩/٢٠٠٠ هاتبوو، لیژنەکەمان ڕۆژی ١٩/١٠/٢٠٠٠ سەردانی وەزارتی کشتوکاڵ وئاودێری کرد و لەکۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێزان وەزیر وبریکاری وەزارەت وبەڕێوەبەرە گشتییەکان ئامادە بوون بە وردی گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشنیارانە کرا کە لیژنەکەمان کاتی خۆی بە نوسراوی سەرەوە لەبارەی هەموارکردنی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری یەوە پێشکەش بە بەڕێزتانی کردبوو ولە ئەنجامدا پێشنیارەکانی ئێمەیان پەسەند کرد کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:
١- لەبارەی مانەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توتن بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە یاسای ئەو وەزارەتەدا کارێکی پێویستە چونکە لەرووی ئابوری ورامیاری هەرێمی کوردستانەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە ر دامەزراندنی ئەو دەزگایە لە کاتی خۆیدا هەوڵ وکۆششێکی زۆری لەلایەن کوردە دڵسۆزەکانەوە بۆ دراوە وهەروەها یەکێک بووە لە برگەکانی داواکاری خەڵکی کوردستانی عێراق

لەرێی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ولابردنی ویا بەستنی بە بەڕێوەبەرایەتییەکی ترەوە کارێکی سلبی دەکاتە سەر رای گشتی و هەروەها بەوردی باسی سوودەکانی مانەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەمان روون کردەوە ولە ئەنجامدا پێشنیارەکەیان پەسەند کرد، بۆیە پێشنیار دەکەین کە لە پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ئەو وەزارەتەدا بڕگەیەک بخرێتە سەر مادده چواری هەموار کراو بە تەسلسلی (دە) بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توتنەوە وبڕگە (دە) لە پرۆژە بکرێتە بڕگە یازدە لە هەمان کاتدا ووشەی توتن لە بڕگەی حەوتدا کە هاتووە لابدرێت.

٢- لەبەر ئەوەی کۆمپانیای هەڵکەندی بیرە ئیرتوازیی‌ەکان لە پرۆژەی هەموار کردنی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ لابراوە بۆمان روون کردەوە کە پێویستە مومتەلەکاتی ئەو کۆمپانیایە بە بەندێکی یاسایی بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، بۆیە پێشنیار دەکەین بەندێکی تایبەت لە پرۆژەکە دابنرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

« تلغى شركة حفر الابار الارتوازية والمراكز البحوث الزراعية والتطبيقية الواردة في الفقرة (٩) من المادة الرابعة من قانون رقم (١٠) لسنة ١٩٩٢ وتؤول كافة ممتلكاتها الى وزارة الزراعة والري».

لەکاتێکدا ئەنجومەن پەسەندی کرد پێشنیار دەکەین کە یان ماددەی یەک بکرێتە (أ و، ب) ویان ماددەیەکی سەربەخۆ بە ماددەی سێ اضافەی پرۆژەکە بکرێت ئەوسا ماددەی سێ وچوار لە پرۆژەکە دەبنە ماددەی چوارو پێنج، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی تەئییدی مەشروعی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری دەکات تەنیا ماددەی چوار بڕگە (١٠) بە هەڵە هاتووە لە جێگای (المديرية العامة للزراعة) (المديريات العامة للزراعة في المحافظات) دەبێ ئەوە مديريات العامە بێت چونکە هەر محافظەیەک مدير عامێکی سەربەخۆی هەیە و لەمادده دوودا دووبارە ماددەی شەشەم دووبارە بۆتەوە ئەو دووبارە بوونەوەیە نەمێنێت، تەنیا ئەم دوو تێبینییەمان هەبوو و تێبینی ئێمە لەسەر مەسەلەی (حفری الابار) چونکە شتێکی تازە بوو رای ئێمە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە الغاء نەکرێت وکۆمپانیای حفری ئابار کۆمپانیایەکی گرنگە وکوردستان زۆر پێویستی پێ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر هیچ تێبینییەکی هەیە؟، هەر کاتێکی جەنابت تێبینیت هەبوو ئیشارەتێکمان بدەنێ، فەرموو.

**بەڕێز سەعد عەبدوڵلا/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو تێبینیانەی کە لیژنەی یاسا پێشکەشی کرد لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ ئێمە پێشتر تەنسیقێکمان هەبوو لەو بارەیەوە وتێبینییەکان لەجێی خۆیەتی ودەربارەی ئەو تێبینییەی کە بەڕێز نوێنەری لیژنەی دارایی باسی کرد ئێمە تەبیعی الغامان نەکردووە ناومان گۆڕیوە، خۆی لەبەر ئەوەی شەریکەی حفری ئاباری ئیرتوازی لەراستیدا سەر بە شەریکەی عامە بووە لە بەغدا لە ٩١وە پەیوەندی پچڕاوە و هەیئەی ئیداری نەماوە هیچ صفەتێکی شرکە ئێستا لەوەی ئێستا نەماوە وئێستا بە عملی دائیرەیەکە لە دائیرەکانی کشتوکاڵ و ناویشی شریکە لەبەر ئەوە دەبوایە لەمێژ بوایە ئەو موشکیلەیە چارەسەر بکرابا وئێستا ئێمە چارەسەرمان کرد وهەتا ناوەکەشی گۆڕیومانە بۆ مدیریەتی میاهی جوفی کە ئیشەکەش پڕ بە پێستی خۆیەتی، ودەمێنێتەوە وەکو مدیریەتی میاهی جوفی وبە ئەرکی خۆی زیاتر دەتوانێ هەستێ ومدیریەتێک دەبێ لە مدیریاتی (ڕەی) عامە یەکیان لە محافظەی هەولێر و یەک لە پارێزگای سلێمانی کە ئێستا موجودە، یەک تێبینی ترم هەیە دەربارەی (البحوث التطبيقيه)، ئێمە دراسات وبحوث یان مەرکەزی دراسات وبحوث ئەوە مدیریەتێکی مستقل بووە حالیا لەگەڵ شرکەی حفر نییە لەبەر ئەوەی ئێستا ربطمان کردووە بە مدیریەی عامە یانی بووەتە مدیریەکی عامە کە هەم بحوث دەگرێتەوە وهەم ارشاد دەگرێتەوە چونکە بحوثیش ڕەبطێکی زۆری هەیە هدف لە بحوث وارشاد ئەوەیە کە ارشادی فلاح بکرێ لەو شتە تازانەی کە دائیرەی بحوث دەیکات بۆیە لەبۆ روون کردنەوە ویستمان ئەو تێبینیانە نیشان بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا یەکە یەکە دەیخوێنینەوە ومناقەشە دەست پێ دەکەین، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الاولى:**

تعدل المادة الرابعة من قانون وزارة الزراعة والري رقم(١٠)لسنة ١٩٩٢وتقرأ على الوجه الآتي:

**المادة الرابعة:**

تتكون تشكيلات الوزراة كالآتي:

١- مكتب الوزير.

٢- مكتب وكيل الوزارة.

٣- المديرية العامة للديوان.

٤- المديرية العامة للاراضي الزراعية.

٥- المديرية العامة للتخطيط والمتابعة.

٦- المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي.

٧- المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي والتبوغ.

٨- المديرية العامة للري والموارد المائية.

٩- المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة.

١٠- المديرية العامة للزراعة في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا دەربارەی ئەم ماددەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین کە وەکو ئەوەی کە هاتووە پاش ئەوەی کە پەیوەندیمان کرد لەگەڵ استئناس لەگەڵ ڕای ئەوان وئێمە لەگەڵ ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لەسەر مدیریە عامەی تبوغ هیچ تێبینیتان نەبوو؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر لە ضمنی مدیریەی عامە دانراوە دیراسات وبحوث ارشاد زراعیش تبوغیش تقریبا هەمان عنوانی هەڵگرتووە بەرای ئێمە فەرقی نەدەکرد یانی ئەگەر مدیریەتێکی گشتی مستقل بێت ڕاستە تبوغ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دیسان لە ضمنی مدیریەی عامەکە وەکو مدیرەتێک امکان هەیە لەضمنی تەشکیلاتی ئەو مدیریەی عامە بێت ئیش وکارەکەی خۆی وەکو پێویست بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای جەنابی وەزیر چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز سەعد عەبدوڵلا/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە تبوغ لە لایەنە سیاسیەکەی مەوزوعەکە وەرگیرا، ئەگەر نا ئێمە لەو ڕێگەیە زیاتر خزمەتی توتنمان دەکرد، چونکە توتن ئێمە خۆمان وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ منتجی توتن نین، زیاتر ابحاثی توتن دەکەین یارمەتی جوتیارەکان دەدرێت ئەوانەی کە توتنەوانن لەبۆ ئەوەی سود لەو شتە تازانە وەربگرن لە هەمان کاتدا بڕیاری ٩٨٦ شمولی توتن ناکات ولەبەر ئەوە دەمانویست لەو ڕێگەیە بتوانین زیاتر دەعمی بکەین، بەڵام جانبی سیاسی مەسەلەکە زیاتر وای لە ئێمە کرد کەوا ڕایەکەی لیژنەی کشتوکاڵ قبوڵ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەبێ مدیریەتێک لەسەری زیاد بکرێت، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناوەکانیان بنوسین، بەڕێز کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی (١٠) دەڵێ (المديرية العامة للزراعة في محافظات الاقليم)، پێش ئێستا ووتم دەبێت بڵێین المديريات العامة للزراعة، چونکە هەر محافظەیەک مدیریەی عامەی خۆی هەیە، کەواتە (١٠)یەم دەبێتە المديريات العامة للزراعة في محافظات الاقليم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری باسی کرد کە بڕگەی حەوت دەڵێ ( المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي والتبوغ. ) ئەمە کاتی خۆی مرشد زراعی مدیریەتێک بووە وبحوث مدیریەتێکی تر بووە، ارشادی زراعی مدیریەتێکی عامە بووە تبوغ مدیرەتێکی عامە بووە، ئێستا بەو شێوەیەی کە هاتووە تێکەڵاویەکی زۆر دەبێت لە نێوان ئیش وکارەکانیاندا، لەبەر ئەوە رای منیش ئەوەیە ( المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي) بمێنێتەوە مدیریەتێکی عامەی بەجیا بۆ تبوغ دروست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو ماددەیە دوو تێبینیم هەیە، تێبینیەکانم زیاتر بۆ دەوڵەمەند کردنی مەوزوعەکەیە یەکەمیان ئوسس و قواعد و بیناو هەیکەلی هەر وەزارەتێک اعتمادێکی کلی دەکەوێتە سەر اهداف ومهامی ئەو وەزارەتە، کە تەماشای ئەهداف ومهامی ئەو وەزارەتی زراعە بکەین لە قانونی ئەصلیەکەی خۆیدا تەماشام کرد دەبینیم کە لە شەش بڕگە ئەهدافی پێک هاتووە سێ لەو فەقەرانە تەئکید لەسەر ئەم فەقەرەیە دەکات، بۆ نموونە فەقەرەی یەکەم دەڵێت (وضع الخطط الزراعية بما يحقق و تنمية الانتاج الزراعي لشقيها النباتي والحيواني والمراعي الطبيعية، فقرتي سی يقم دەڵی تخطيط واعداد الموارد المائية الخ)، فقرەی چوارەم القيام بدراسات المشاريع واعداد المناهج والتصاميم ئەوەش لە ضمنی تخطیطە ئینجا دروست بوونی استحداثی مدیریەکی عام بە ناوی مدیریەی عامەی تەخطیط ومتابعە زۆر لەجێگای خۆیەتی وئەبوایە زووتر ئەمە

کرابا، ئەمە ملاحظەیەک، ملاحظەی دووەم کە تەماشای دیسان تعدیلەکە دەکەین دەبینین لە هەشت مدیریاتی عام پێک دێت چوار وەکو خۆی ماوە هەر لە قانونی کۆن ولە تعدیلیش وەکو خۆی ماوە گۆڕین ئەوەی استحداثەکەیە کە الغائی ئابار بووە ئەوانی تر کە تەماشا دەکەین دەبینین سێ مدیریاتی عام گۆڕاوە یانی نزیکەی ٤٠٪ تصور دەکەی لە هەیکەل ئالوگۆڕی تێدا دەکرێت بەڵام ئەگەر زیاتر بچینە ناوی رەنگە خۆی بۆ تەنزیمی ئیشەکەیە زیاتر بۆ رێکخستنە، یانی ئەو ئالوگۆڕەی ئێمە تصور دەکەین هەیکەل هەمووی تێک دەچێت وهەیکەلێکی تر دروست دەکاتن بە تصوری من وانییە، مجرد زیاتر گۆڕینی ناوەکانە بۆ نموونە مدیریەی عامی (ری وسدود) بووەتە مدیریەی عام للری والموارد المائیە بە تصوری من بۆ ئەم وشکایەتییە ئێستا ئەمە ئەم ناوە شاملتر دەبێت ومن لەگەڵ لیژنەی خۆمانین کە مدیریەی عامەی تبوغ بە تەنیا بێت وەکو مەوزوعێکی سیاسی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم لەسەر برگە حەوتی ماددە چوار هەمبوو کە ئەوەی هاتووە (المدیریە العامە للبحوث والارشاد الزراعی والتبوغ) منیش پێم وایە بۆ تبوغ رام دەخەمە پاڵ رای لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ ئەگەر نا خۆی کە بڵێ (المدیریە العامە للبحوث والارشاد الزراعی) مانای وایە توتنیش دەگرێتەوە ئەو وەختە پێویست بە تبوغ ناکات بۆچی ووشەی تبوغی بۆ زیاد بکەین چونکە الارشاد الزراعی تبوغ بەشێکە لە زراعەت یانی ئەگەر بەگرنگ نازاندرێت من پێم وایە تبوغەکە لابدرێت بەڵام بە پێچەوانەوە مدیریەتێکی عامی لە رووی سیاسیەکەوە دروست بکرێت وابزانم باشتریشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم وایە.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە باشترە کە مدیریەتێکی عامی بۆ دروست بکرێت هەر خۆی ووشەی تبوغ زیادە، یانی بە هەر شێوەیەک بێت لێرە تبوغ زیادە چونکە کە ووتمان الارشاد الزراعی تبوغیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک جلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سەلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی توتن سامانێکی قومی یە وپاش نەوت دێت لە ناحیەی اقتصادی هەر لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ئەیلول حکومەتی مەرکەزی زۆر محاربەی دائیرەی توتنی کرد کە پێی دەگوترا (انحصار) و هەر لەگەڵ نەکسەی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥ یەکەم اجراء کە حکومەتی مەرکەزی کردی دائیرەی انحصاری لغو کرد لەبەر ئەوە ئێمە زۆر دەبێ گرنگی بەتوتن بدەین هەروەکو گوتمان کە سامانێکی قومی یە ومن لەگەڵ ئەوەم کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توتن سەربەخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی توتن سامانێکی گەورەی ئەم هەرێمەیە وخەڵکێکی زۆر دەگرێتەوە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە لەم زراعەتە ئیش دەکەن ولەبەر ئەوە منیش وەکو برایان وای بەچاک دەزانم کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توتن مدیریەتێکی عامی سەربەخۆ بێت لەناو یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک اکرم عزت فەرموو.

**بەڕێز ئەکرەم عیزت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکەم لەسەر بڕگە حەوتە (المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي والتبوغ)، من لەگەڵ رای لیژنەی کشتوکاڵ وبەڕێزان ئەندامانم هەموویان کە روونیان کردەوە توتن سامانێکی قەومییە وگرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ کوردسان لەبەر ئەوە منیش هەر داوا دەکەم کە ئەبێ مدیریەتێکی تایبەتی خۆی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ عفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من زۆرتر برادەران کردیان، بەڵام بەراستی من زیاتر ئەهمییەتی مدیریەتی عامی توتنم بەباش دەزانی، چونکە لەهەموو زروفێکی کۆن وتازە ئێمە لەگەڵیدا ژیاوین ئەگەر زروفێکی ناهەموار بووبێ لەکوردستان هەر جوڵانەوەیەک دەستی پێکردبێ توتنیان وەستاندووە جگە لەوە توتن تحدیدی مناطقی هەیە، مفروض وایە مدیریەتێکی عامی هەبێت لە فلان شوێن دەکرێت لە

فلان شوێن ناکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە مدیریەتێکی عامی هەبێت دام ودەزگایەکی رێک وپێکی هەبێت دراسەیەکی باشتر بکرێت منیش رام لەگەڵ رای برادەرانە وسوپاسیان دەکەم و رایەکەی منیان بە دوورودرێژی باسی کرد، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو قسانەی کە کرا لەسەر توتن کە جەنابی وەزیر تەئییدی قسەکانی لیژنەی کشتوکاڵی کرد بەلام بەلای منەوە توتن ئێستا وەکو جاران سامانێکی قەومی نییە ئەو برادەرانەی لێرە دانیشتوونە با بزانم یەکێک با توتن دەربێنێ لە گیرفانی هەموو پاکەتی ئەجنەبیە یانی بە قەناعەتی من وەزیر بۆی هەبوو دەیتوانی ئەگەر پێویست بوو مدیریەتێک لە هەر پارێزگایەک بۆ مدیریەتی تبوغ دابنێ بۆ گرنگی پێدان لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تەئییدی ئەوە دەکەین کە جەنابی وەزیر اتفاقی کردووە، بەلام توتن ئێستا ئەو ئەهمیەتەی کە ئێستا باسی دەکەن نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو برادەران بۆچوونەکەیان وابوو کە مدیریەی عامی توتن ئیلغاء کراوە، بەلام مدیریەی عامی توتن وەکو خۆی ماوە (المدیریە العامە للبحوث والارشاد الزراعی والتبوغ) مجرد مهمەتەکەی زیاد بوو دوو شتی تریش لەسەریان زیاد کراوە (بحوث والارشاد الزراعی) و بەرای من بە اضافە کردنی ئەو دوو شتە مەوزوعی توتن گرنگتر بووە یانی زیاتر گرنگیان پێدا دوور نییە بەنیسبەی توتن زیاتر بچێتە ناو مەوزوعی بحوث وزیاتر ارشاد زراعی تەرخان بکرێت بۆ خزمەتی چاندنی توتن، یانی وەکو خۆی ماوە المدیریە العامە للتبوغ وەکو خۆی ماوە بۆ ئەوەی ئەو التباسەش نەمێنێت من اقتراحم هەیە وشەی توتن پێش بخرێت ببێتە المدیریە العامە للتبوغ والبحوث والارشاد الزراعی زیاتر دێتە پێش چاو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری فەرموو.

**بەڕێز سەعد عەبدوڵلا/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەراستی ئەو مەشروعەمان زۆر بە ووردی دراسەت کردووە یانی دەزانین گۆڕانەکانمان لەبەرچی کردووە، ئێمە کە مدیریەی عامەی تبوغمان دەمج کردووە لەگەڵ بەڕێوەبەریەتێکی گشتی

تردا، مدیریاتی توتن لە محافظات دەمانناوە، بەڵام گومان لەبۆ ئەوەی بتوانین لە پەنای قەراری ٩٨٦ کە ناکرێ بەتەنها توتنی تێدا نییە و خزمەتی بکەین لەوێ جێگایەکی بۆ بکەینەوە ئەگەر بەپێشی بێخین وەکو کاک فرسەت عرضی کرد رەنگە مهەمەکان بە نیسبەت ئەوی تریش زەحمەت بێ برادەرانی لیژنەی کشتوکاڵ مەسەلەکەیان خستە قالبێکی تر یانی ئێمە لەو مەوزوعە لەبەر هەندێ ئەسباب کە رەنگە هەموو شتێک پێویست نەبێ ئێستا زۆر بە صراحەت باس بکرێت رەنگە لەبەر ئەو لایەنە، لەبەر خاتری ئەو مەسەلەیە بێ نەک لەبەر خاتری خزمەتی توتن، چونکە خزمەتی توتن بەوشێوەیە باشتر دەکرێت، بەڵام لەولایەنەوە رایەکەمان پەسەند کردووە، ئێستا ئێمەش سوورین لەسەر ئەوەی کەوا بابڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سوور نەبن باشترە، فەرموو.

**بەڕێز سەعد عەبدوڵلا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمان ئازادە لە هەر بڕیارێک کە بیدات، بەڵام ئێمە باوەڕمان پێی هات لەبەر ئەو هۆیەی کە باسیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونکردنەوەیەک هەیە حەز دەکەم کەوا بەر چاوتانی بخەم، ئەو پرۆژەیەی کە بۆمان هاتووە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێرییەوە ئامادە وپێشکەش کراوە و، لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، دیارە دیراسەتێکی زیاتری لەسەر کراوە دەبێت ئەوە رەچاو بکرێت، ئەنجومەنی وەزیران بەو شێوەیە دەیەوێت، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت بەڕێوەبەرایەتییەک زیاد بکەین، لەوانەیە بەو شێوەیە نەبێت کەوا ئەنجومەنی وەزیران دەیەوێت، ئەنجومەنی وەزیران دەیەوێت لە رێگای ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوە ناوی تووتنەکە بشارێتەوە بۆ ئەوەی «٩٨٦» توانایەکی بۆ وەرگرێت و زیاتر خزمەتی بکات، ئەمە یەک، دووەم، بەڕێوەبەرایەتییەکی زیاتر ئەگەر بکەینەوە خەرجیاتی زیاد دەوێت و، ئەرکی دارایی زیاتر دەبێت، ئەوە دەبێت وەزیری داراییش قسەیەکی تیادا بکات، هەروەها دەبێت ئەنجومەنی وەزیران خۆی قسەیەکی تیادا بکات، لەبەر ئەوە دەبێت بە قوڵی و بە وردتر سەیری مەسەلەکە بکەین و، هەرکاتێکیش بە پێویست زانرا دەتوانین نووسراوێک رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران بکەین بۆ ئەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزرێنن، یا دیراسەتێکی بابەتەکە بکەنەوە، ئەم بابەتە شتێکی رادەیی نییە، بەڵام بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی لەیەک بدەینەوە ئەبێت (کۆمپلێکس)ی سەیری بابەتەکە بکەین، نەوەک تەنها بەڕێوەبەرایەتییەکمان دامەزراند و دەسکەوتێکی سیاسیمان پەیدا کرد، خاڵێکی تریش هەیە پێشخستنی ناوی «تبوغ» لەسەر «أبحاث والدراسات» لە شوێنی خۆیدا نییە، چونکە «أبحاث» زۆر گشتگیری ترە لە «تبوغ»، «تبوغ» وشتی تریش دەگرێتەوە، «أبحاث» گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە گشتوکاڵدا و رۆڵێکی سەرەکییان هەیە لەم بوارەدا، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کاتی خۆی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەروبوومی توتن دانراوە تەنها بۆ «بحوث والارشاد» نەبووە و، تەنها بۆ ئەوە نەبووە کە «تحسین التبوغ» بکرێت، بەڵکو لە رووی ئابوورییەوە توتنەوانەکانی کوردستان لەژێر رەحمەتی بازرگانەکانی تووتندا بوون و، لە دوایشدا کەوتنە ژێر رەحمەتی کارگەکانی جگەرەوە، ئەوان بە هەوەسی خۆیان نرخیان دادەنا و، ئەگەر کارتلێکیان لەو رووەوە دروست بکردایە کە ئەو ساڵە دەیانەویست تووتن بە نرخێکی هەرزان بکڕن بە ئاسانی سەردەکەوتن و جووتیارەکان لەمەدا زەرەرمەند دەبوون، لەبەر ئەوە «إرشاد والبحوث» تەنها ئەرکی «إنحصار» نییە، بەڵکو ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی «إنحصار» لە رووی سیاسی و لەرووی ئابووریشەوە پاراستنی جووتیارەکانی تووتنە لەوەی کە «إستغلال» نەکرێن لەلایەن بازرگانەکانی تووتنەوە، یا کارگەکانی جگەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر بمانەوێ گرنگی بە تووتن بدەین، زۆر رێگایەکی ئاسانە، ئێمە ئەگەر بە ئاسانی بتوانین جووتیارەکانمان هان بدەین و بەرهەمەکانیان لێ بکڕینەوە و نەمێنێتەوە ئەوە لەوێدا گرنگیمان دا بە تووتن، لەو کاتە جووتیارەکان خۆیان بەرەو چاندنی تووتن ئەڕۆن، لەبەر ئەوە دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکە گرنگ نییە، بەڵام کڕینی تووتنەکە گرنگە کەوا نەمێنێتەوە و بارانی زستان نەیڕزێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە تێبینییان هەیە ناونووسیان دەکەین، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من برگەی «٧» وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەرچەندە دەبینم ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکان ئەوەندە دوور ودرێژە، مەرج نییە هەموو بەڕێوەبەرایەتییەک کە دادەمەزرێت هەموو وشەیەکی تیادا بێت، لە دەقی بەڕێوەبەرایتییە گشتییەکە لەوانەیە بەڕێوەبەرایەتییەک هەبێت بیگرێتەوە، سەبارەت بە برگەی «٦» (مدیریة العامة للبستنة والغابات والمراعي) من پێم باشە کەوا گرنگییەکی باش بە دارستانەکان بدەین، چونکە بڕیاری «٩٨٦»یش جەختی لەسەر دارستانەکان کردووە، کوردستان رووتاوەتەوە و دارستانی تیادا نەماوە، یاخود بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ دارستانەکان بکرێتەوە، چونکە دارستان لە رووی ژینگەوە زۆر گرنگە و دیسانەوەش لە پاشەرۆژدا لە رووی

ئابووریەوە گرنگە، یاخود وشەی «غابات» پێش «بستنة» بکەوێت، مەرج نییە سێ وشە لەیەک بەڕێوەبەرایەتیدا بنووسرێ، دەتوانین لە دەقی بەڕێوەبەراتییەکی «مراعي» هەبێت، «بستنة»ە بێت، گرنگ ئەوەیە کەوا دارستان گرنگی و بایەخێکی باشی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تووتن پاش دامەزراندنی کابینەی سێیەم دامەزراوە، کەواتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تووتن هەیە، ئێمە ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکی تازە دروست ناکەین، بەڵام ئەگەر لێرەدا بێت، ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەکی تر هەڵدەوەشێنینەوە، تێبینی دووەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە هەمووی هەن، وەکو بەڕێوەبەرایەتی «بحوث» کە پێشتر سەر بە «تخطيط والمتابعە» بووە، ئێستا بۆتە سەر بە «إرشاد الزراعي» ئەمە خۆی ئیشێکی باشە، بەڵام «تبوغ» خۆی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییە و هەیە، هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە زەرەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری برگەی «٧» وەکو ئەوەی کە هاتووە ئێمە پەسەندمان کردووە، «المديريە العامە للبحوث والارشاد الزراعي والتبوغ» هەر چۆن وەزارەتی کشتوکاڵ پێشنیاری کردووە و، ئەنجومەنی وەزیرانیش رەوانەی پەرلەمانی کردووە، وەزارەتی کشتوکاڵ پابەند نییە بەوەی کەوا توتن بچێنێ تاوەکو بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی گەورەی بۆ دامەزرێنێ، تەنها ئیشی ئەوەیە کەوا رێنمایی جووتیارەکان بکات و، بەرهەم و بەربوومەکەی گەر تووشی نەخۆشی بوو هاوکاری بکات بۆ چارەسەرکردنی، یاخود هەندێ «بحوث التبوغ» بکات، ئەمانە کاری وەزارەتی کشتوکاڵە، لایەنی کڕینی تووتن وەزارەتی کشتوکاڵ نییە، بەڵکو وەزارەتی پیشەسازی و وزەیە، ئەگەر کارگەکان کار بکەن ئەوە ئەوان دەیکڕن، هەروەها تووتن لە هەموو لایەک و هەموو رێکخراوە جیهانییەکان دژایەتی دەکەن، چونکە زۆر جار شێرەپەنجە لە تووتنەوە پیدا دەبێت، لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەبێت بۆ تووتن، بەڵکو چۆن لە پرۆژەکەدا هاتووە کە «المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي والتبوغ» زۆر چاکترە، هەتاوەکو بۆ جووتیارەکانیش، لە بڕیاری «٩٨٦»یشدا چ پەین بێنن، یا دەرمانی نەخۆشیەکانی کشتوکاڵی بێنن، هەر لەو رێگاوە زیاتر سوود بەخش دەبێت بۆ جووتیارەکان و وەزارەتیش زیاتر بە کاری خۆی هەڵدەستێت، کڕین و نرخی تووتن ئەوە شتێکی ترە و سەر بە وەزارەتی پیشەسازی و وزەیە، جا بۆیە ئێمەش هەر سوورین لەسەر رای خۆمان کەوا ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز كاك حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو «المدیریة العامة للبحوث والارشاد الزراعي» بۆ «تبوغ» نییە، بەڵكو بۆ هەموو «بحوث الزراعیة»یە و، پێشخستنی وشەی «تبوغ»یش هیچ لە بابەتەكە ناگۆڕێ ، هەر وەكو ئێستا وایە، من لەگەڵ ئەوەدام كەوا بەڕێوەبەرایەتییەكی گشتی بۆ تووتن هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاكەرەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەموو ئاماژەیان بەوە كرد كەوا تووتن سامانێكی نەتەوەییە بەبێ ئەوەی كە هیچ ئاماژەیەك بە كشتوكاڵ بدەن بە شێوەیەكی گشتی، چونكە كشتوكاڵ هەمووی سامانێكی نەتەوەییە بە دارستان و بێیسان و بە گەنم و جۆ و شتی تریشەوە، هەموو دەبێت گرنگی و بایخی پێ بدرێت، هەروەها بەو شێوەیەش نییە كەوا لێی تێدەگەن، چونكە جووتیارەكان وا بەرهەمی دووساڵیان ماوەتەوە ونەفرۆشراوە، بە رای من گرنگییەكی باش بە كشتوكاڵ بدرێت و، تووتنیش ئەگەر بەم شێوەیە بچێنرێت ئەوە ئەو نرخەی نامێنێ، جا پێویستە هەر وەكو پێشان مۆڵەتی دۆنم بدرێت بۆ چاندنی تووتن، هەروەها هەماهەنگی لە نێوان كارگەكانی جگەرەو كێڵگەكانی تووتن بكرێت و، پلانێكی تەواو دابڕێژرێت بۆ ئەوەی بە گوێرەی پێویستی كارگەكان تووتن بچێنرێت، یاخود ئەگەریش توانرا لە پاشەڕۆژدا رەوانەی دەرەوە بكرێت، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە تووتن بچێنرێت ئەوە هیچ گرنگییەكی نامێنێ و، بەو شێوەی كەوا لە وەزارەتی كشتوكاڵییەوە هاتووە بەڕێوەبەرایەتییەكی «تبوغ» دامەزرێت لەگەڵ میانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانە بە رای من شتێكی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تووتن بەتەنها سامانێكی نەتەوەیی نییە، ئێمە گەنم و جۆ و برنج و بەربوومی تریشمان هەیە كە وەكو سامانێكی نەتەوەیی دەژمێردرێت، جا لەبەر ئەوە من خۆم بەو شێوەیە تەماشای بابەتەكە دەكەم، هەروەها وەكو كاك جەمیل باسی كرد سەبارەت بە جگەرە ئێستا لە جیهاندا هەمووی شاڵاوێكی دژە چاندنی تووتن و جگەرە بەرپا بووە، ئێمەش كە دەمانەوێ لەگەڵ شارستانی

جیهاندا بگونجێین، ئێستا لەم ماوەیە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی دامەزرێنین، بەرای من هەندێ سەرپێچییە لەگەڵ واقعی جیهاندا، ئێمەش ئەو تووتنەی کە هەمانە بۆ رەوانە کردنی دەرەوە ناشێ و، لە پێویستی خۆمانیش زیاترە، جا لەبەر ئەوە من رام وایە پێویست نییە لەم بارودۆخەدا وبەتایبەتیش پەیوەستی کەین بە بڕیاری «٩٨٦»، دووەم تێبینیم ئەوەیە کەوا ئێمە دوو بەڕێوەبەرایەتیمان پێکهێناوە، ژمارە «٣» (المديرية العامة للاراضي الزراعية) و ژمارە «١٠» (المديرية العامة لزراعة محافظات الاقليم)، بە رای من ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییە تێکەڵ بکرێت و، پێویست نییە ئێمە میلاکاتی وەزارەتەکانمان قورس بکەین بەم بەڕێوەبەرایەتییانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونکردنەوەیەک، ژمارە «١٠» (مديرية)نییە، بەڵکو (مديريات)ە، واتا لە هەر پارێزگایەک بەڕێوەبەرایەتییەک بە بەڕێوەبەراتی گشتی دەژمێردرێ، جا ئەوە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ زەوی کشتوکاڵی، سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەگەر شتێکی سیاسی بێت ئەوە شتێکی ترە کە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی تووتن دامەزرێت، من پشتگیری لە قسەکانی کاک جەمیل دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد حەسەن باڵەتە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ دارشتنێکی جوانیان داناوە بۆ ئەم ماددەیە و، بەهیچ شێوەیەک پێویستی بە پێشخستن وپاشخستن نییە، لەگەڵ ئەوەشدا من پشتگیری لەو رایە دەکەم کە دەڵێن تووتن سامانێکی نەتەوەیی نییە، راستە ساڵانی پەنجا و شەستەکان تووتن بە سامانێکی نەتەوەیی دەژمێردرا، بەڵام ئێستا وا نییە، پاشان ئەگەر شتێکی سیاسیش بێت ئەوە ئەنجومەنی وەزیران لە ئێمە زیاتر لایەنە سیاسیەکە لەبەرچاو دەگرێت، چونکە ئەو پرۆژەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە و ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی پەسەندی دەکەین، کەوا وەکو خۆی بمێنێتەوە و، ئەوەی کە بەڕێز کاک ئیدریسیش فەرمووی ئەویش هیچ پێش و پاش خستنێکی پێ ناوێت، بەڵام من تێبینییەکم هەیە ئەویش لێرەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێریاری نابینم، جا نازانم وەزارەت پێویستی بەو بەڕێوەبەرایەتییە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری سەر بە دیوانە، سوپاس، کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رەقــــیب حــــســـــێن مــــەلا:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

ئەگەر ئێمە ئەم هەموو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزرێنین دەبێت خەرجییەکی زۆری بۆ خەرج بکرێت، جا ئەگـەر هەر چەند بەڕێوەبەرایەتیـیـەک تێکەڵ بکرێت، وابزانم رەواش نیـیـە کـەوا چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی تووتن هەبێت، دەبوایە لیژنەی ئابووری رەخنە بگرن، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

سوپاس، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز مــــحــــەمــــەد ئـەمین مــــەولود:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بەراستی ئەو پێشنیارانەی کە باس کران لە شوێنی خۆیاندا نین، لە رووی کولفەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە وەزارەت هیچ کولفەیەکی تری ناچێتە سەر بۆ ئەوەی کەوا بەڕێوەبەرایەتییەکی تری بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەبێت، دووەم ئیشی «إنحصار» تەنها «بحوث» نییە، بەڵکو لایەنە بازرگانییەکەی گرنگ ترە، ئێمە دەبینین ئێستا لە کوردستاندا کەس تووتن ناچێنێ، چونکە ئەم دووسێ ساڵەی پێشوو هیچ لایەنێک نەبووە کەوا بیپارێزێ لەو نرخانەی کە بۆی دانراوە و، جووتیارەکانیش ناچار کراون کەوا بەو نرخە تووتنەکانیان بدەن بە کارگەکانی جگەرە، بونی «إنحصار» بەرگری کردنێکە لە جووتیارەکان، ئەوەتا ئێستا دەبینین کەس تووتن ناچێنێت، تەنها ئەگەر تووتنیش بچێنن ئەوە بە قاچاغ دەیفرۆشن ئەگینا بۆکارگەکان تووتن ناچێنن، لەبەر ئەوە دیسان دووبارەی دەکەمەوە ئەرکی «إنحصار» تەنها «بحوث» نییە، بەڵکو لە رووی ئابوورییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە و دەبێت لایەنێک هەبێت بیپارێزێ، هەروەها بوونی «نحصار» هەر بە سروشتی خۆی تووتن چاک دەکات، مادام مۆڵەت هەبێت ئەو ناوچانەی کەوا بەکەڵکی تووتن چاندن نایەت نایەڵن تووتنی تیادا بچێنرێت و، ئێستا ئەگەر تەماشای ئەو شوێنانە بکەین لەم دوو ساڵەی دوایەدا دەبینین بە پێچەوانەوە بوو، ئەو شوێنانەی کە بەکەڵک نایەت تووتنیان چاندووە و ئەوە بوو بوە هۆی ئەوەی کە جۆری جگەرەکانمان بێتە خوارەوە لە بازاڕدا، هەندێ لە ئەندامان چەند بۆچوونێکی سەیریان هەیە کە دەڵێن تووتن زیانبەخشە و تووشی شێرەپەنجە دەکات، باشە ئەم جگەرەیە چییە؟، کەواتە ئەو دۆلارەی کە بە جگەرە دەدرێت لەمەو دوا ئەو پارەیەی پێ نەدرێت، کەچی ئێمە جگەرەی خۆمانمان ناوێت، کەواتە با جگەرەش قەدەغەکرێت و نەیەتە ناو کوردستانەوە، بۆچی ئەبێت جگەرە، کە دێت و بە دۆلار بیکڕین، بەڵام تووتن کە هی خۆمانە نەیکڕین؟، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فــــــەرەنـســــــۆ تـۆمــــا هـەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حکومەتی هەرێمی کوردستان جگەرەی نەکڕیوە، ئەو جگەرانەی کە دێن بازرگان و قاچاغچییەکان ئەیکڕن، بەهیچ شێوەیەک ئێمە وەکو حکومەت گرنگی بە کڕینی جگەرە نەداوە، ئەوە دوو شتی جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز سەعد عەبدوڵلا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند تێبینییەک درا من نامەوێت لەسەر تووتن زۆر بدوێم، چونکە بەراستی لەوانەیە دژایەتییەک لە را وەرگرتن دروست ببێت، ئێمە رای خۆمان نووسی بوو بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لەوێشەوە پێشکەشی پەرلەمان کراوە، ئێمە ئەوەمان لەسەر بڕواپێکردن کردووە و، ئەو بڕوایەش بە لێکۆڵینەوە بۆمان دروست بووە، پاشان لیژنەی کشتوکاڵ هاتنە لای ئێمە ولە گۆشەیەکی ترەوە بابەتەکەیان خستە روو، واشیان پێشان دا کەوا رەنگە مەسەلەکە کێشەیەک دروست بکات بۆ دەرچوونی یاساکە، لێرە بۆ ئەوەی تووشی ئەو هەموو گفتوگۆیە نەبین، بەراستی گفتوگۆکان زۆر باش بوون و زۆریش بە سوود بوون، بەڵام دیارە لە ئاکامەکەی چەند رایەکی دژ بە یەک دروست بووە سەبارەت بەم بابەتە، جا بۆیە من ئەم بابەتە دەیەڵمەوە، بۆ ئەوەی کەوا جارێکی تر لێرەدا رای لەسەر بدرێت و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سەبارەت بە دارستانەکان ئێمە زۆر بایەخمان بە دارستانەکان داوە، لەبەر ئەوەش بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەبوو کردمان بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی، دارستانەکان بەشێک بوو لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پارێزگاکان، ئێمە ئێستا وا خەریکی شاڵاوێکی دارستانەکانین بەگشتی، بەڵام دەزگایەکمان نییە بۆ پاراستنی دارستانەکان وەکو پۆلیسی دارستانەکان و شتی تر، سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک شێخ جەعفەر، ئێستا وا دەستمان کردووە بە سەرژمێر کردنێکی مۆڵەتەکانی چاندنی تووتن، هەروەها تێبینییەکانی کاکەرەشیش کاک د.رۆژ وڵامیانی دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بابەتەکە بەتێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا و، لە سیستەمی دیموکراتییەتدا ئەوە هەیە کەوا هەرکەسە رای خۆی دەربڕێ، تکایە لیژنەی یاسا داڕشتنی کۆتایی بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

المادة الاولى:

تعدل المادة الرابعة من قانون وزارة الزراعة والري رقم « ١٠ » لسنة ١٩٩٢ وتقرأ على الوجه الاتي:ـ

المادة الرابعة/ تتكون تشكيلات الوزارة كالاتي:ـ

١ـ مكتب الوزير.
٢ـ مكتب وكيل الوزارة.
٣ـ المديرية العامة للديوان.
٤ـ المديرية العامة للاراضي الزراعية.
٥ـ المديرية العامة للتخطيط والمتابعة.
٦ـ المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي.
٧ـ المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي والتبوغ.
٨ـ المديرية العامة للري والموارد المائية.
٩ـ المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة.
١٠ـ المديريات العامة للزراعة في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو مادەیە بەو شێوەیە کە خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە بەرامبەر بەمەش پێشنیارێک هەیە، جا ئێستا پرۆژەی حکومەت ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکەم دایە؟... سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، دێینە سەر ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شێوان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية:

تعدل المادة السادسة من قانون وزارة الزراعة والري رقم « ١٠ » لسنة ١٩٩٢ وتقرأ على الوجه الاتي:ـ

المادة السادسة:

١ـ للوزير تشكيل هيئات أو لجان دائمية أو مؤقتة لتنفيذ مهام معينة.
٢ـ للوزير إستحداث ودمج مديريات وأقسام وشعب كلما دعت الحاجة الى ذلك.
٣ـ تحدد واجبات وصلاحيات تشكيلات الوزارة والمديريات العامة والمديريات التابعة لها والهيئات بنظام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ لاریبەکمان نییە لەسەر ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری ئەم ماددەیە دەکەین، تەنها تێبینییەکم لەسەر داڕشتنی ماددەکە هەیە کە ئەویش لێرە نووسراوە «المادة السادسة» بە رای من پێویست بەو دووبارە بوونەوە نییە، چونکە لە پێشەوە دەڵێت: «تعدل المادة السادسة»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لە ماددەی یەکەمیش هەر هەمان شتمان کردووە، تکایە ئەوەی تێبینی هەیە با ناونووسی خۆی بکات، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر بڕگەی یەکەم تێبینیم هەیە، وشەی «لجان دائمیة» لە جێبەجێ کردن و نوێ کردنەوەی کاردا، ئیشێکی پێویستە هەرچەندە مەرجی خۆیانیش هەیە، چونکە ئەوە ئامانجی ئەو لیژنانە سەقفی کاتیش دیاری دەکات، لێرەدا زۆر بۆ کاری جێبەجێ کردن گرنگە لەوانەیە وەزیر لە کاتی کارەکانیدا پێویستی بە لیژنەیەک، یا دەستەیەک هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی و بۆ ماوەیەکی دیاری کراویش بێت، لێرە لیژنە نابینم بۆ کارە هەمیشەییەکان و بەتایبەتیش وەزارەت بەردەوام بێت هەتاوەکو بۆ جەنابی وەزیریش لەوانەیە دەستی کراوە بێت بۆ گۆڕینی لیژنەکان.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو پێکهاتە من گوتم ،ماوەیەکی زەمەنی دیاری کراوە بۆ کارێکی دیاری کراو، ئەوە مەرجێکە بۆ هەر لیژنەیەک کە دادەمەزرێ دەبێ لە بەر چاو بگیرێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە دائما لێژنەکان نەمێنن تاکو وەزیر زیاتر سەربەست بێت بۆ دانان و گۆڕینی لێژنەکان و بەجێ هێنانی ئەرکەکانیان،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموار کردنی ئەو ماددەیە بڕگەی ١ و ٣ وەکو خۆی هاتووە لە یاسا ئەصلیەکە تەنها بڕگەی ٢ گۆران کاری لە سەر کراوە بڕگە ٢ لە یاسای ئەصلی دەڵێ: (للوزير استحداث شعب ضمن مديريات وكلما دعى الحاجة الى ذلك) واتا بەس بۆ هۆیە داندراوە لە یاسای ئەصلی هەموارەکە لەسەر ئەوە هاتووە، کە تەماشای یاسای وەزارەتی داد و وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی داراییم کرد، دیار کەوت کە بڕگەکە کو ئەو هەموارە هاتووە، نازانم کاتی خۆی بۆچی بە کورتی هاتووە و ئەو دەسەڵاتە نەدراوەتە وەزیر؟ بۆیە ئەوە زۆر لە جێگای خۆیەتی کە وەکو وەزارەتەکانی تری لێ بێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟ نییە؟ ئەو ماددەیەش دەخەینە دەنگ دانەوە، پێش ئەوەی بیخەینە دەنگ دانەوە وەکو صیغەی کۆتایی بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حیدری:**

المادة الثانية:

تعدل المادة السادسة من قانون وزارة الزراعة والري رقم (١٠) لسنة ١٩٩٢ وتقرأ على الوجه الاتي:

المادة السادسة:

١- للوزير تشكيل هيئات او لجان دائمية او مؤقتة لتنفيذ مهام معينة.

٢- للوزير استحداث ودمج مديريات واقسام وشعب كلما دعت الحاجة الى ذلك.

٣- تحدد واجبات وصلاحيات تشكيلات الوزارة والمديريات العامة والمديريات التابعة لها والهيئات بنظام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات هەر وەکو ئەوەی خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بابەتی بیر لێدان بێتە ماددەی سێ، کە لادانی کۆمپانیای بیر لێدان و مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی بوو بکرێتە ماددەی سێ ئنجا بچینە ماددەکانی تر ، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەین ئەو ماددەیە وەکو ئێستا دەیخوێنمەوە استحداث بکرێت وەکو ماددەیەکی نوێ.

المادة الثالثة:

«تلغى شركة حفر الآبار الارتوازية ومراكز البحوث الزراعية والتطبيقية الوارد في الفقرة

التاسعة من المادة الرابعة من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٢وتؤول كافة ممتلكاتها الى وزارة الزراعة والري في الاقليم » .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ چیە ؟.

**بەڕێز سەعد عەبدوڵلا/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕایەین بە باشی دەزانین ، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئێمە داندراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی کشتوکاڵ کە داوای ئەو هەموار کردنەیان کردووە خۆیان باشتری لێ دەزانن هەر وەکو دەڵێن(اهل مكة ادرى بشعابها) ئەوە شتێکی باشیان کردوە بەلام سەبارەت بەم ماددەیە لەگەڵ ڕێزم بۆ لێژنەی یاسایی کە دەڵێ با زیاد بکرێ، خۆی لە برگە ٩ی یاسا ئەصلیەکە کۆمپانیای بیر هەڵکەندن لە ضمنی پێکهاتەی وەزارەتە هەتا ئیستا ئەگەر لە ضمنی پێکهاتەی وەزارەتە بویە ئێمە هەدیەی نادەین ، کە لە جێگای برگە ٩ بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵی داندراوە، ئۆتۆماتیکیەن ئەوە لادەبرێ، ئیستا ئەوە نە هەڵوەشاندنەوەی دەوێ و نە لادانی دەوێ نە هەدیەی دەوێ کە بیدەن بە وەزارەتی کشتوکاڵ ،لەبەر ئەوەی ضمنی پێکهاتەی وەزارەتە کە هی وەزارەت خۆی بێت کە ئەوەی لابرد، ئەوەی تری لە جێگای دانا هیچی ناوێ ، هەندێکی دەمج کردنە هەندێکی گۆڕینی ناونیشانە، ئەوە وەزارەت خۆی باشتری لێ دەزانێ من لەگەڵ ئەوە نیم ئەو ماددەیە زیاد بکرێ،لەبەر ئەوە هی وەزارەت خۆیەتی بە کەڵ و پەلیشەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی مامۆستا مەلا تاهیرم هەبوو لەبەر ئەوەی لە بنەرەتدا ئەو کۆمپانیایە بەپێی یاسا ساڵی ١٩٩٢ بەشێکە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، کەل و پەلەکانیان هی وەزارەتی کشتوکاڵە کە ئیستا لکیندرایە بە بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری و سەرچاوەی ئاو باشتر وایە بلێین کەڵ و پەلی ئەو کۆمپانیایە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری و سەرچاوەی ئاو، بەپێی ماددەی سێیەمیش چ لکاندنی هۆبەو بەشەکان بێت یان استحداث بێت لە دەسەلاتی وەزیرە، لەبەر ئەوەی خۆی لە

بنەرەتدا بەشێکە لە وەزارەت، باشتر وایە ئەگەر (لغوش) بکرێت کەل و پەلەکانیان بگەرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری وسەرچاوەی ئاو، لەبەر ئەوەی کۆمپانیای بیر هەڵکەندن ئێستا بۆتە بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری وسەرچاوەی ئاو، باشتر وایە هەر لە ضمنی ئەو بێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسای فەرمون.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەمانی کۆمپانیا بە چەند مەرجێ دەبێت ،یان بە تەصفیە، تەصفیەش دوو جۆرە، تەصفیەی قەزائی ئەگەر ڕێک نەکەون،یان تەصفیە ئەنجومەنی ئیدارە دادەنیشتن ، خۆیان کۆمپانیاکە تەصفیە دەکەن، عملیا ئەو کۆمپانیایە نە ئەنجومەنی ئیدارەی ماوە و بەستراوەتەوە بە بەغدا لەوانەیە کۆمەڵێ کەل و پەلی هەبێ. ئەگەر ئەو کۆمپانیایە لغو نەبێ، اکتفا بەوە بکەین بە دەزگاکانی ضمنی پێکهاتەی وەزارەت، ئەدی ئەو کۆمپانیایە بە پێی یاسایەک پیک هاتووە چی بەسەر هات؟ لەبەر ئەوەی بەشێکە لە کۆمپانیاکەی سەر بە حکومەتی مەرکەز، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو کۆمپانیایە هەڵبوەشێتەوە، و ئەگەر کەل و پەلیشی هەبێ بدرێتە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەگەر باس نەکرێ لەوانەیە لە دوا ڕۆژدا یەکێ لە ئەندامانی ئیدارە داوای کەرستەیەک بکات بلێ هی منە. ئەو کاتە چی بکەین ؟دەڵی من مساهمم تێیدا ، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە ئەو کۆمپانیایە بە دەق لەغو بکرێ و کەل و پەلەکانی بدرێتە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی هیچ گرفتێک نەمێنێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ نییە؟ پرۆژەکە دەخەینە دەنگ دانەوە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، جارێکی تر دارشتنی کۆتایی بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

الماده الثالثه:

«تلغى شركة حفر الآبار الارتوازية ومراكز البحوث الزراعية والتطبيقية الوارد في الفقرة التاسعة من المادة الرابعة من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٢وتؤول كافة ممتلكاتها الى وزارة الزراعة والري في الاقليم» .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی سێ پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات ؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا .

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدری:**

المادة الرابعة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کەس تێبینی هەیە؟ نییە؟ ئەو ماددەیەش دەخەینە دەنگ دانەوە. کێ ئەو ماددەیە پەسەن دەکات؟
سوپاس، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
**بەرێز شێروان ناسح حەیدری:**
المادة الخامسة:
ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.
بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن: کەس تێبینی هەیە؟ نییە؟ ئەو ماددەیەش دەخەینە دەنگ دانەوە. کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات؟ سوپاس کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. ئێستا پرۆژەکە بە تێکرای دەدەینە دەنگ دانەوە. کێ پرۆژەکە بە تەواوی پەسەند دەکات؟ سوپاس کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پرۆژەکە بوو بە بڕیار.
دێینە سەر خاڵی سێیەمی بەرنامەی کارمان کە خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی بڕیاری لەکار خستنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شۆڕشی عێراق ژمارە(٨١٥)لە ٢٠/٦/١٩٨٢دا. بالیژنەی یاسایی لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، زۆر سوپاسی ئەندامانی لیژنەی دارایی ولیژنەی کشتوکاڵ دەکەین.
**بەرێز شێروان ناسح حەیدری:**
**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بأسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار:**
**تاريخ القرار:**

**«قرار»**

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءا على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ اصدار القرار الآتي:ـ
١) ايقاف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة العراقي المرقم(٨١٥)في ٢٠/٦/١٩٨٢.
٢) للمتضرر من ذوي المجني عليه في حوادث الدهس او الوفاة للسيارات الغير المؤمنة مراجعة المحاكم المدنية للمطالبة بالتعويض.
٣)تسري احكام هذا القرار على الحوادث التي تقع بعد نفاذه.
٤) لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٥
مێژووی بڕیار: ١٣/١١/٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی رۆژی (١٣/١١/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوە بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٠**

**یاسای یەکەم هەمووارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)ی**
**وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری**

ماددەی یەکەم:
ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری هەموار بکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:
ماددەی چوارەم:
پێکهێنەکانی وەزارەتەکە ئەمانەن:
١- نووسینگەی وەزیر.
٢- نووسینگەی بریکاری وەزارەت.
٣- بەڕێوەبەریی گشتیی دیوان.
٤- بەڕێوەبەریی گشتیی زەوی وزاری کشتوکاڵ.
٥- بەڕێوەبەریی گشتیی هێلکاری و بەدواداچوون.
٦- بەڕێوەبەریی گشتیی باخ وجەنگەڵ ولەوەڕگاکان.
٧- بەڕێوەبەریی گشتیی ئەبحاس ورێنمایی کشتوکاڵ کردن و توتن.
٨- بەڕێوەبەریی گشتیی ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو.
٩- بەڕێوەبەریی گشتیی سامانی ئاژەڵ وبەیتەری.
١٠- بەڕێوەبەرییە گشتییەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێمدا.
ماددەی دووەم:
ماددەی شەشەم لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
ماددەی شەشەم:
١- وەزیر، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرک وفرمانی دیارکراو، بۆی هەیە دەستە و لیژنەی دائمی و کاتەکی (رەفتەنی) پێک بهێنێ.
٢- وەزیر، بەپێی پێویست، بۆی هەیە کردنەوەو، تێکەڵکردنی بەڕێوەبەری و بەش وهۆیەکان، ئەنجام بدات.

٣- ئەرک وفـرمـان و دەسـەڵاتی پێکهـاتـەکـانی وەزارەت و بەڕێوەبەرییـە گـشـتـیـیـەکـان و، بەڕێوەبەرییەکانی ناویان و دەسـتەکانیش (الهیئات) بەپێی پێڕۆ دیاری دەکرێن.

ماددەی سێیەم:

شیرکەتی بیری ئیرتیوازی لێ دان و مەرکەزەکانی لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی و تەتبیقی یەکان، کە لە برگە نۆی ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٢)دا هاتووە ئیلغا دەکرێ و هەر موڵک ومالێکیشی بووبێ، موڵک ومالی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێریی هەرێمن.

ماددەی چوارەم:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

ماددەی پێنجەم:

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**